# دەبێ دەست درێژی هێزەکانی ئەمریکا
# بۆ سەر خەڵك دەست کۆتابکرێ

جارێکی تر دوای چەندین تاوانی هێزەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە خەڵکی عیراق لە ڕۆژی 2006/2/7 لە دەست ڕێژێکی کوێرانەدا لە لایەن ئەفرادی ئەم هێزە داگیرکەرەوە لە سەر جادەی گشتی ڕەحیم ئاوا دوو کەس بە ناوی ( نظام قادر محمد ، خالد محمود نادر ) گیانیان لە دەست دا .
کوژرانی نیزام وخالید بەم شێوەیە وەحشیانە زەنگێکی خەتەرە ئەدرێ بە گوێ خەڵکی ئەم شارەدا لە لایەن ئەمریکاوە ، ئەمریکا بەم کردەوە تیروریستانەیەی بە خەڵکی ڕائەگەیەنێ کە ئەو دیموکراسیەی ئەو بە دنیای ڕائەگەیەنێ وەئیدعای بۆ ئەکا ئەمە وێنەکەیەتی .
جەماوەری شاری کەرکوك
مێژووی ئەم هێزە داگیرکەرە پڕە لە وێنەی لەم جۆرە لە جیهاندا وەکو ڤێتنام و نیکاراگوا .......هتد ، وە خەباتی ئەم وڵاتانە هاوکات بەو ئەنجامەمان ئەگەیەنێ کە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاری ئێمە لە دەست ئەم هێزە داگیرکەرە تەنها وتەنها کردنە دەرەوەیانە و دەست کۆتاکردنیانە لەم وڵاتە . ئەمریکا هاوکات لەگەڵ ئەم تاوانە ڕۆژانەیەی خۆیدا ئەیەوێ شەرعیەت بە حکومەتێك بدا کە تا سەر ئێسقان دژ بە خەڵکە وە لە بەرامبەر ئەم تاوانانەدا نەك هەر بێ دەنگە بگرە پاساوی بۆ ئەهێنێتەوە و پەردە بۆشی ئەکا .
ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وێڕای ئەوەی بەشداری خەم وپەژارەی کەس وکاری قوربانیانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ئەکەین هاوکات ئەم تاوانە بە توندی مەحکوم ئەکەین ودەبێ ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە ئاشکرا بکرێن و لە دادگایەکی عەلەنی دا دادگایی بکرێن وەهەر لێرەشەوە بانگەوازی سەرجەم جەماوەری ستەم دیدەی ئەم شارە ئەکەین کەبێنە مەیدان ولێبڕاوانە دژ بەم تاوانکاریانە ڕابوەستن وچیتر ڕێگە نەدەن کە گیانی خۆیان ومناڵیان لە ژێر مەترسی لولەی چەکی هێزی داگیرکەری ئەمریکا دا بێ .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق پیشەنگی ئەم خەباتەیەو لە ڕیزی پێشەوەدایە.
سەرکەوتووبێ خەباتی یەك ڕیزی جەماوەر ....
ڕیسوایی بۆ هێزی داگیرکەری ئەمریکا

کۆمیتەی کەرکوکی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق
9/2/2006